# تیرۆرکردنی ئازادی له فۆرمی جۆراوجۆردا

**ڕێبوار ڕەزا چوچانی**
rohani1983@gmail.com



باسکردن له ئازادی مرۆڤ ناچار به چەند پرسیارێك دەکات که هەڵوەستەیان لەسەربکات و بەدوای وەڵامەکانیاندا بگەڕێت, تا لەوێوە مانا و دەلالەتەکانی ئازادی بدۆزێتەوە و دەست نیشانیان بکات, شوناسی راستەقینەی ئازادی چییە, چ کاتێك مرۆڤ هەست به ئازادی دەکات, ئازادی چیمان پێدەبەخشێت, ئازادی کەی خۆی بەدیار دەخات و کەی خۆی بزر دەکات, کێن ئەوانەی هەوڵی تاساندنی ئازادی دەدەن.

ڕەهەندی سەرەکی ئازادی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو رەوشەی که لەکات و زەمان و شوێنەکاندا هەیە, بەڵام ئەم رەوشانەش مرۆڤەکان زەمینە سازی بۆ دەکەن و هەر خودی مرۆڤەکانیش بەربەست لەبەردەم زەمینە سازییەکانی ئازادییەکاندا دروست دەکەن تا هەمیشە کۆیلەی و بندەستی درێژە بکێشێت و بەشەرییەت هەمیشە لەناو قەیرانە ئاڵۆزە بێچارەسەرییەکاندا بتلێتەوە, تا هەمیشە بیمارییەکی سەخت رو له کۆمەڵگابکات و لەو رێگەیەشەوە مرڤەکان له حاڵی مێگەل بووندا ئیدامه به ژیان بدەن.

ئێمه رۆژانه گوێمان له درۆ گەورەکانی ئیدیعاکارانی ئازادی دەبێت که هەمیشه خەریکی هەڵبەستی حیکاتی وەهمین بۆ ئازادی و کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگا و پێشکەوتنی زیاتری شارستانییەتەکان, وا به گوی ئێمه دەدرێتەوە که ئەمه له پێناو مرۆڤ و خزمەتکردنی زیاتری ئەم بونەوەرەیە, له راستیشدا هەرچەندە ژیان لەسەر ئەم هەسارەیە بەم قۆناغەی ئێستا گەیشتووە, بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشه سووتانی رۆحیەت و بەهای بەشەریەت بەردەوامی هەیە, هەمیشه هێزێکی چەپێنەر ئامادەیە که پەلوپۆی ئینسان ببەستێت و رووبەڕووی فەزاحەتە گەورەکانی ژیانی بکاتەوە تا هەرچی خەون و خولیای هەیە لەناو بچێت و ناچاری مەرگدۆستی بکات, رەنگه ئەمه جەوهەری ئەو کێشه بەردەوامە بێت که تا ئێستا له نێوان وجود و بێ وجودیدا یەکلا نەکراوەتەوە ئەم دوو رەهەندەی ژیانیش له ململانێیەکی بەردەوامدان بۆ فەرزبوونی لایەك بەسەر لایەکەی تردا , چونکه هەمیشه مرۆڤەکان هەوڵی بەردەوامی وجودی خۆیان دەدەن و کار له پێناو سەلماندنی وجودی خۆیان دەکەن, له بەرانبەریشدا ئەو هێزە چەپێنەرە بەدفەساڵەی که دەستی خستۆتە بیناقاقای مرۆڤ و هەوڵی تاساندنی رۆحییەتی ئینسانەکان دەدات هەمیشه له دانانی پیلان و نەخشەدایە بۆ کپکردنەوەی وجودی ئەوانیتر تا هەمیشه وجودی خۆی پارێزراو بێت و جگه له وجودی خۆی هیچ وجودێکی تر نەتوانێت خۆی مانیفێست بکات, هەمیشه له کەمیندایە تا له کەمترین کات و کورتترین مەودا دا هەرچی خەون وخەیاڵ وئارەزووەکانی مرۆڤ هەیە بیخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، خۆی گەورە و سەروەر بێت. خۆی یاسا و یاسا جێبەجێکەر بێت, خۆی دەست نیشانکەری ئاراستەکانی ژیانکردن بێت, بەچاوی مێگەلییەوە بڕوانێتە کۆمەڵگەو خۆشی به شوانی ئەو مێگەله بزانێت, بۆیە له هەرچی ئەم گۆمەڵگایانەدا هەیە مرۆڤ ناتوانێت وجودی خۆی بپارێزێت و ئیرادە و خۆگرییەکانی خۆی راگرێت له بەرامبەر ئەم هێزە چەپێنەرانەدا لەو فەزایەی که فەزای گشتییە بۆیە لەوێدا مانایەك نامێنێتەوە بۆ ئازادی و ئازادی دەبێتە قوربانی ئەو بیمارییانەی بەربڵاوە ،چونکه هەمیشه ترس و مەرگ خۆیان نمایش دەکەن و له هەرچی شتێك زیاتر هەیە له مرۆڤەکان نیزیکترن و وانەیەکن که مرۆڤ فێری کپ بوون و خامۆشی دەکەن لەهەر حاڵەتێکدا، رەنگه ئیتر بتوانین بڵێین ئەمە رەهەندێکە لەو رەهەندانەی مانای مەرگ به ئازادی دەبەخشن.

کاتێك لەنێو کۆمەڵگەیەکدا هەوڵی کوشتنی ئازادی تاکەکەسی درا واتە کاتێك ئازادییە فەردییەکان لەنێوچوون و یاخود هەڕەشەی لەنێوبردنیان لەسەربوو, هەر ئەوکاتە خەتەرناکییەك رو لەکایەکانی تری ژیانیش دەکات و سەرەتایەکیش دەبێت بۆ زاڵبوونی جەهل بەسەر تەواوی رەهەندەکانی ژیاندا, هەر ئەو کاتە بیماری روودەکاتە نێو ناخی ئینسان و مەحکومی رق و کینەی دەکات، چونکە بە ئازادییەوە مرۆڤ هەست بە وجودی خۆی دەکات, کاتێك ئازادی لێسەندرایەوە ئیتر مانایەکیش نامێنێتەوە بۆ وجودی, لێرەوە ئەتوانین بڵێین ئەم هێزە چەپێنەرانە زادەی ئەو ترادسیۆنە پڕ لە قەهرانەن کە بە درێژایی مێژووی ژیانکردن رۆڵیان هەبووە لە کوشتنی بەهاکاکانی بەشەرییەتدا, ئەو ترادیسیۆنە کلاسیکیانەی کەوا دارێژەری یاسا کۆمەڵایەتییەکانن, ئەو یاسا کوشندانەی کە رێگرن لەبەردەم هەنگاوەکانی مرۆڤ بۆ شکاندنی ئەو تەوقانەی کە تا هەنووکەش مەترسین لەسەر ئازادییەکانی, بۆیە هەمیشە دەبێت ئەو پرسیارە بکەین ئایا ئازادی لە کوێدا دەتوانێت بەرئەنجامەکانی خۆی ببەخشێتە مرۆڤ, بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێت بڵێین, لە کۆمەڵگەیەکدا کە هەوڵە گشتییەکان هاوکۆکن لەگەڵ مانا و دەلالەتەکانی ئازادی و لەو فەزایەشدا مولتەزیمیەکی بەرچاو دەبینرێت بە پرەنسیپە مەدەنییەکانەوە, مرۆڤ هەست دەکات کە ئازادی وایکردووە ئەم ژیاندۆست بێت و ترسی هەبێت لە مەرگ و ئاور لە مەرگدۆستی نەداتەوە, بەڵام ئایە کۆمەڵگەیەك هەیە لەسەر ئەم زەمینەدا کە ئەم زەمینە سازییە بەرفراوانەی تێدابێت بۆ چەکەرە کردنی ئازادی و بالآبوونی مەدەنییەت, بۆ میسداقیەتدان بە مرۆڤ و پاراستنی بەهاو حورمەتەکانی, ئەگەرچی ئەم پرسیارەش تۆزێك ئاڵۆزە و دەبێت بە نەفەسێکی درێژەوە بەدوای وەڵامەکەیدا بگەڕێین, چونکە قسەکردن لەسەر مەسائیلی میسداقییەتدان بە مرۆڤ و پاراستنی بەها و حورمەتەکانی وامان لێدەکات کە قسە لەسەر رۆڵی عەقڵیەت بکەین تا بزانین عەقڵییەت چەند دەتوانێت ئاراستەکانی ژیانکردن دەست نیشان بکات.

لەناو ئەو کۆمەڵگایانەی کە حیکمەتی عەقڵ یان روونتر بڵێین عەقلانییەت لە چڵەپۆپە دایە, مەجالی زیاتر هەیە بۆ بەشەرییەت تا هەناسەی زیاتر بدەن و نەفەسی زیاتری ئازادی هەڵکێشن چونکە لەوێدا بە چاوێکی وەهاوە سەیری بەمرۆڤ دەکرێ کە گەورەترین سەرمایەی دونیایە، هەرلەوێدا ماناکانی ژیان خۆیان بەدیار دەخەن و ئەو جێگەیە دەبێتە سەرزەمینی خەون و خولیاکانی مرۆڤ و مرۆڤ هەست بە وجودی خۆی دەکات, ئەگەرچی ئەمە لە خەون و ئەفسانە دەچێت کە کۆمەڵگایەك هەبێت لەم سەر زەمینەدا هەموو بنەماکانی بەشەرییەت و ماف و ئازادییەکان بۆ مرۆڤ مەیسەر بووبێت, بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك جێگە هەیە کە دەتوانین بڵێین مەجالێکی باشی هەیە بۆ مومارەسەکردنی ژیان بە شێوەیەکی ئازادانە لەهەمانکاتیش ئەو جێگایانەش خاڵی نین لە ئازارەکانی ئینسانییەت چونکە زۆر جاران ئازادیش دەبێتە بەڵایەك بەسەر مرۆڤەوە ئەمەش لەو کاتەدا دەبێت کە ئازادی ئیستغلال دەکرێت بۆ کوشتنی بەهاکانی تری ئازادی, چۆن لە کۆمەڵگەی ئێمەدا دیموکراسیان قەتیس کردووە لەنێو کۆمەڵێك فۆرمی لابەلا و نامەعقولدا کە مانا و دەلالەتێك دەبەخشنە دیموکراسی هیچ فڕێکی بە دیموکراسییەوە نییە و دیموکراسیان ئیستغلال کردووە بۆ لەباربردنی دیموکراسی, ئاواش خوێندنەوەی ئازادی بە دیوێکی ترداو بۆ کۆمەڵێك مەرامیتر دەبێتە بەرهەمهێنەری فەوزا و ژاوەژاو کە نەتوانرێت روە راستەقینەکەی ئازادی ببینرێت و مەحکومی کۆمەڵێك مانای وەهمی دەبین بۆ ئازادی, کاتێکیش ئازادی بوو بە وەهم و قەتیسیان کرد لە نێو حکایەتە وەهمیەکاندا ئیتر ناتوانین لەبەردەم واقیعێکی زیندان ئاسادا خۆمان نەبینینەوە کە تێکڕای حەز و خەونەکانمان زیندانی نەبن, زیندان هەر ئەو چوار دیوارە نییە کە مرۆڤ دەخەنە ناوی و ناهێڵن دەرەوە ببینێت, دەشێ لە کاتێکدا مرۆڤ لەدەرەوەی ئەو زیندانە بێت کە تەنیا لەودا شوناسی زیندانمان چڕکردۆتەوەو زیندانی بێت, واتە دەشێ مرۆڤ لەناو ژیانی دەرەوەدا بێت، هاتووچۆ بکات و شەقامەکان ببڕێت و وەك هەر مرۆڤێکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا بکات, بەڵام زیندانی بێت, ئەم حاڵەتەش زیاتر لەو کاتەدا دەبێت کە ئازادییەکانی مرۆڤ دەستی بەسەر دادەگیرێت و رێگەی پێنادرێت بە ئازادی مومارەسەی ئایدیای خۆی بکات.

ئەو کاتانەی لەبەردەم کۆمەڵێك سنوردا ناتوانین بنەمای ئازادی خۆی دابنێین و هەستە مرۆڤایەتییەکانی خۆمان ئیدامە پێبدەین و ڕێ لە هەنگاوەکانمان بگیرێت, ژیان لەناو ئەو سروشت و جیگەیەدا جگە لە زیندان ناتونرێت هیچ شوناسێکی تری بۆ بدۆزرێتەوە.

تیرۆرکردنی بەهاکانی ئازادی دیاردەیەکی پر خەتەرناکییە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە واقیعی ئینسانبونەوە هەیەو کە ئەم دیاردە پڕخەتارناکیە لەتاکێکەوە گواسترایەوە بۆ کۆی کۆمەڵگایەك, ئیتر سیفاتێکی دەستە جەمعی وەردەگرێت و کۆی بەشەریەت لەو جێگەیەدا دەبێتە قوربانی لەباربردنی ئازاییەکان, ئازادی وەك چەمك و ماناو دەلالەت قسەو باسێکی زۆر لەخۆ دەگرێت, ئازادی هەر ئەوە نییە کە تەنها و تەنها چڕی بکەنەوە لەقسەکردنداو ئیتر تەواو, چونکە دەبێت لەو حالەتەدا گوێ بۆ قسەکان بگیرێت و بەسەرنجەوە گوێبیستی ڕەخنەکانی بیت و چارەسەریشت هەبێت بۆ کەم و کوڕییەکان, لەم کۆمەڵگایەدا بە درێژایی چەندین ساڵ دەڵێین و کەس نییە گوێمان بۆ بگرێت, ڕەخنە دەگیرێت و کەس نییە پرۆژەیەکی ریفۆرم بۆ کەم و کورتییەکان دروست بکات و جێبەجێ بکرێت, دەیان ڕەخنە لە رووپەڕی ڕۆژنامەکان بلاۆکرایەوە لەسەر ئەو سەرگەردانیانەی ڕووبەڕووی تاکەکانی ئێرە دەبێتەوە کەس بەدواداچوونی بۆ نەکرد, هەزاران گوتار نووسراو بگرە بە سەدان لێکۆڵینەوە و کتێب بە چاپ گەیەندران لەسەر ڕەوشی گوزەران و ناعەدالەتییەکانی ژیان کەچی بەرپرسێك لاپەڕەکانی هەڵنەدانەوە تا لە کێشەو موعاناتەکانی تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایە ئاگادار بێت و بزانێت گوزەرانی خەڵکەکەی لە چ پلەیەکی ژێر سیفری سەدیدایە, لێرەوە دەتوانین هەڵوەستە بکەین لەسەر تەفسیراتەکانی ئێمە بۆ ئازادی و بچووککردنەوەی ئازادی لە فۆرمیی لابەلا و پڕوپوچ و ناشایستەدا، کێن ئەوانەی دەستیان هەیە لە تیرۆرکردنی ئازادی و بەهاکانیدا، ئەم ڕەوشە تاکەی بەردەوام دەبێت کەی خەڵك و دەسەڵاتی کوردی قودرەتی ئەوە دەکەن کە چەمك و شوناس و بنەما ڕاستەقینەکانی ئازادی وەك خۆی ببینن و تەعبیری لێبکەن. تا هەرچی زووە لەوە تێبگەن کە ئەم ڕەوشە ئاڵۆزەی لێرە هەیە پشکێکی کەمی ئازادی بەردەکەوێت چونکە ئازادی بەبێ ڕەچاوکردنی بنەماگەلێکی زۆر کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە بەهاو حورمەتی ئینسانەکانەوە هەیە تیرۆرکردنی ئازادییە, لەهەمان کاتیش حساب نەکردن بۆ دەنگە بچووکەکان, ئەمەش بۆخۆی شەرعیەتدانە بە دیکتاتۆرییەتی زۆرینە لە ئاست کەمینەکاندا بۆیە لەوێدا ئازادی لە تیرۆر دەکرێت و دەبێت فاتیحای بۆ بخوێنین.